کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
23:11 15-9-2007بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**شەل، سەقەت، کوێر، وەڵامێک بۆ هێمن میرانی... حیکمەت مەعروف**

چۆنت پێخۆشە، وا بانگت دەکەم. پێویستە لەسەر شانت چۆنم پێخۆشە، وا بانگم بکەیت. کاکە هێمن میرانی، بابەتێکت بە ناونیشانی (کەمئەندامانی کوردستان و جاڕنامەی تایبەت بە مافەکانی کەمئەندامان) ی لە ژمارە (1) ی گۆڤاری (توانا) دا بڵاوکردۆتەوە. لە بەشی کەمئەندامان لە کوردستان، نووسیوتە: ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر شەل و سەقەت و کوێر لەناو جەرگەی پایتەخت سواڵ دەکەن.



لێت دەپرسم، تا ئێستاش لە پایتەخت بە مرۆڤە کەمئەندامەکان دەڵێن شەل و سەقەت و کوێر؟ ئەمە چۆن پایتەختێکە، کە توێژەرەکانی ناوناتۆرە بخەنە پاڵ مرۆڤەکانی؟ ئەم وشانە گەر لە دەمی کەسێکی تر بێتەدەرێ، زۆر عەجایەب نییە، بەڵام گەر توێژەرێکی کۆلێژی زانستە سیاسییەکان ئەم وشانە بنووسێ، دەبێت وەڵامی ئەو کەسانە چی بێ. تۆیەك هێندەت خوێندووە بویتەتە توێژەر، کەچی هێشتا فێری ئەوە نەبوویت لە نووسین و قسەکردندا شعوری بەرانبەرەکەت ڕاگری. دەترسم ناز بەسەر سەرنووسەری گۆڤاری تواناشدا بکەیت و بڵێت من بابەتم بۆ نووسیون و چەند لاپەڕەیەکم لە ڕۆژنامەکەتان ڕەش کردۆتەوە؟!

وەك نووسیوتە بڕوات بە پیرۆزی مرۆڤ هەیە. جا پیرۆزیت هێشتۆتەوە، تا بەڕێزت پێشنیاری ئەوە بکەیت کە کەمئەندامانی عەقڵی خانوویەکی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە، تا چیتر لە بازاڕەکان نەسوڕێنەوە و لە گاڵتەجاڕی خەڵك ڕزگاریان ببێت! ئەوە تۆیت پێش نووسینی پێشنیارەکانت سووکایەتیت پێکردن و ناتۆرەی نابەجێت خستە پاڵیان. توێژەری بەڕێز، گەر لە پایتەخت یاسا هەبووایە، دەبوو ئێستا تۆ بە تۆمەتی سووکایەتی کردن بە مرۆڤ دادگایی بکرایتایە. ئەو کەسەی کە پەلێکی نییە سەقەتە، یان نووسینەکەی تۆ؟! بەڕێزت لە بەرانبەر ناوەکەی خۆت نووسیوتە (توێژەر لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان)، واتە ئارەزوو دەکەیت بە توێژەر بانگت بکەن، چۆن دەکرێ کەسێك تۆ بە مەلا هێمن، یان وەستا هێمنی قەساب، یان دکتۆر هێمن بانگت بکات؟! ئەوەی ئەوە بکات واتە دەیەوێت بە عەمدی سووکایەتیت پێ بکات. چونکە تۆ هیچ لەوانە نیت، بەڵکو تۆ توێژەریت و پێویستە، تۆ چۆنت پێخۆش بێت، ئاوا بانگت بکەن. ئەو شەل و سەقەت و کوێرانەش کە تۆ ناتۆرەیان دەخەیتە پاڵ، خۆیان یەکلایی کردۆتەوە لەسەر ئەوەی ئەوان، بە کەمئەندام یان خاوەن پێداویستی تایبەت ناوزەد بکرێت، نەك بە سەقەت و کوێر. هیوادارم خۆت بەوە ڕابهێنی کە کەسەکان بەو شێوەیە بانگ بکەیت، کە خۆیان پێیانخۆشە، چونکە لەوە بەدەر سووکاتییەکردنە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

حەز دەکەم نموونەیەکی زیندووت بۆ بهێنمەوە: شاعیری ناسراو عەبدوڵڵا پەشێو، کاتێك کە بێ ئاگاداری خۆی دیوانەکەیان چاپکرد و لێیان نووسی دکتۆر عەبدوڵڵا پەشێو، زۆری پێناخۆش بوو، تا گەشتە ئەو ئاستەی کە چاوپێکەوتنێکتدا وتی: من تەنها عەبدوڵڵا پەشێوم بێ دکتۆرەکەی. واتە عەبدوڵڵا پەشێو حەز دەکات بەوە بانگی بکەن، نەك بە دکتۆر عەبدوڵڵا پەشێو.

بۆ ئەوەی بەو ناوە بانگت بکەن کە پێتخۆشە، بەرانبەرەکەت بەو ناوە بانگ بکە کە پێیخۆشە. کە ویستت بابەتێك بنووسی، قسەی سەرجادە بەکارمەهێنە، چونکە نووسین لەگەڵ قسەی سەر جادە جیایە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.